*Journal of Language Studies* **Vol.8, No.2, 2024, Pages (62-74)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.2.4**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Existence in the novel " God's Guardians " by Ata Mohammed

**Ashti Hussein Arif** *
**Kurdish Department, college of education, charmo university.**
ashti.hussein@charmouniversity.org

**Received:** 16 / 1 /2024 , **Accepted:** 14 / 2 /2024, **Online Published:29 / 2 / 2024**

## Abstract

This paper is entitled (existence in the novel " God's Guardians " by Ata Mohammed) ،We have tried to illustrate human existence through examples taken from the novel. as a manifestation of life , By making man's existence in the world appear as an original or non-original Being, in order to determine his nature. He is responsible for this himself, so he always lives with worry. The research was conducted in the light of methodology (analytical praise).

The research consists of two parts. The first part consists of two topics. The first topic presents the concept and term of existence, while the second topic discusses the types of existence. The second part consists of two themes: the first theme is a brief description of the novel, and the second theme is an attempt to compare the types of existence among the " God's Guardians.

**Keywords**: existence, Type, Novel, Ata Mohammed

* **Corresponding Author**: Ashti Hussein, **Email:** ashti.hussein@charmouniversity.org
**Affiliation**: charmo University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# الوجود في رواية "حرس الله" لعطا محمد

آشتي حسين عارف

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة جرمو**

**المستخلص**

هذه البحث بعنوان (الوجود في رواية "حرس الله" لعطا محمد)، لقد حاولنا توضيح الوجود الإنساني من خلال أمثلة مأخوذة من الرواية، كتعبير عن الحياة، يظهر الوجود الإنساني في العالم كوجود أصيل أو غير أصلي، من أجل تحديد طبيعته، فهو مسؤول عن هذا وبالتالي يعيش دائما في حالة من القلق، أجري البحث في ضوء منهجية (الوسفي– التحليلي).

يتكون البحث من جزئين: الجزء الأول يتكون من محورين: فى محور الأول يعرض مفهوم الوجود ومصطلح الوجود، أما محور الثاني في تناول أنواع الوجود. الجزء الثاني يتكون من محورين: المحور الأول هو وصف موجز للرواية، الحور الثاني محاولة لمقارنة أنواع الوجود بين "حرس الله".

**<u>الكلمات الدالة:</u>** الوجود ، النواع ، الرواية ، عطا محمد.

.

# بوون لە ڕۆمانی "پاسەوانانی خودا"ی "عەتا محەمەد" دا

ئاشتی حسین عارف

**بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو**

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناو نیشانی(بوون لە ڕۆمانی "پاسەوانانی خودا"ی عەتامحەمەدا)، هەوڵمان داوە لە ڕێگەی نموونەی وەرگیراو لە ڕۆمانەکە وێنای بوونی مرۆیی بکەین، وەک دەرکەوتەیەک لە ژیاندا، بەوەی بوونی مرۆڤ لە نێو جیهاندا وەک بوونێکی ڕەسەن یان بوونێکی نارەسەن دەردەکەوێت، تا لەو ڕێگەیەوە ماهییەتی خۆی دیاری بکات، لەمەشدا خۆی بەر پرسیارە بۆیە هەمیشە بە نیگەرانییەوە دەژێت. توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی(پەسنی شیکاری) ئەنجامدراوە.

توێژینەوەکە لە دووبەش پێکدێت، بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکدێت، لە تەوەریی یەکەمدا چەمک و زاراوەی بوون خراوەتەڕوو، لە تەوەریی دووەمدا باسی جۆرەکانی بوون کراوە. بەشی دووەم لە

دوو تەوەر پێکدێت: لە تەوەریی یەکەمدا کورتەیە لەبارەی ڕۆمانەکەوە خراوەتەڕوو، لە تەوەریی دووەمدا هەوڵماندوە جۆرەکانی بوون لە نێو "پاسەوانانی خودا" بەیاربخەین.

کلیلە وشەکان: بوون، جۆر، ڕۆمان، عەتا محەمەد.

## پێشەکی:

پرسی بوون هەر لە سەدەکانی پێش زایینییەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پرسێکی ئاڵۆز بووە، لای فەیلەسوفان و پیاوانی ئاین و زاناکانیش هەردەم لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە. بۆ نموونە لای فەیلەسەفانی یۆنانی کۆن بوون کردەی بوونێکی باڵاترە کە ئەوان زیاتر ئەم ڕێگەیەی بیرکردنەوەیان لە ئەفسانەکانەوە وەرگرتووە. لە لایەکی ترەوە ئاینە جیاوازەکانی وەک ئاینە هیندۆسیەکان و مەسیح و ئیسلام سەرچاوەی بوون دەگەڕێننەوە بۆ بوونێکی باڵاتر و دەسەڵاتی ڕەها و بێخەوش، هەموو کار و کردەوە و ڕووداوەکانیش پەیوەستن بەو بوونە باڵایەوە. لەسەردەمی ئەمڕۆشماندا زانست وەڵامێکی بە ئایدیای هەیە بۆ پرسی بوون، کە هەر وەک پێناسەی فەلسەفە و ئاین خاڵی نییە لە دژیەکی و گومان. بۆیە لێرەدا دەردەکەوێت وێنەی گشتی بوون لای بزاوتە جیاوازەکان بە جیاواز لێی ڕوانراوە، چونکە مرۆڤ بوونێکی شاراوە و تاریکە، لێرەشەوە بوونگەرایی هەوڵدەدات لایەنە تاریکەکانی ئەو بوونە ڕووناک بکاتەوە، نهێنییەکانی ئاشکرا بکات، بۆیە بوونی مرۆڤ دەبێتە تەوەری هەموو پرسیار و گومان و لێکۆڵینەوەکان.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی میتۆدی (پەسنی شیکاری) کراوە، لەبەشی تیۆریی میتۆدی پەسنی و لە بەشی پراکتیکی میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە، بۆدیاریکردن و شیکردنەوەی جۆرەکانی بوون لە نێو ڕۆمانەکەدا.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دووبەش پێکدێت، بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکدێت، لە تەوەریی یەکەمدا چەمک و زاراوەی بوون خراوەتەڕوو، لە تەوەریی دووەمدا باسی جۆرەکانی بوون کراوە. بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێکدێت: لە تەوەریی یەکەمدا کورتەیە لەبارەی ڕۆمانەکەوە خراوەتەڕوو، لە تەوەریی دووەمدا هەوڵماندوە جۆرەکانی بوون لە نێو "پاسەوانانی خودا" بەیاربخەین.

### بەشی یەکەم:

### تەوەریی یەکەم: چەمک و زاراوەی بوون:

سەرەتا دەبێت بزانین (بوون) شتێک نییە لەبەرانبەرمان بێت و پێمان نامۆ بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوون دەوری داوین و کیانمان پێکدەهێنێت، بەم پێیە بوون لە هەموو شوێنێکدا هەیە و هەر موجودێک بوونێکی هەیە وەک بوونی شت، بوونی مرۆڤ...هتد ، ئەم بوونە واتایەکی گشتی هەیە، بەڵام

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین لێرەدا مەبەستمان لە بوون ئەم واتا گشتییە نییە، کە هەموو بونەوەران بگرێتەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی فەلسەفەی بوونگەراییەوە باس لە بوون دەکەین، چونکە "بوونگەراکان وشەی بوون بە شێوەیەکی سنوردار بەکاردەهێنن، بە جۆرێک تەنیا بەسەر ئەو شێوەیەی بووندا دەیچەسپێنن کە لە بوونی مرۆیدا دەیناسین"، (عەبدوڵلا، ٧،٢٠٠٨). واتە ئەو بوونەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین بوونی مرۆڤە.

سەبارەت بە بوون وەک زاراوە " لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر بە وشەی (Being- existence ( لەزمانی عەرەبیدا (الوجود) بەکاردێت، لەزمانی کوردیشدا بوون، پێچەوانەی نەبوونەوە بە واتای بەرچاو یان زیندوو بەکاردێت"(ڕۆستەم، ١٥،٢٠١٦). بوون بە زۆر شێوە پێناسەکراوە، بەڵام هیچ کام لەم پێناسانە ناگەنە کرۆک و مەبەست، چونکە بوون خەسڵەتێک نییە لە خەسڵەتەکان، بەڵکو خەسڵەتی هەموو خەسڵەتەکانە، کەواتە بوون بنەڕەتە بۆ هەموو شتێک، ئەو گشتییەیە، هەموو بونەوەران بەشدارن ناکرێت بە سیفەتێک دابنرێت. بۆیە هەست دەکرێت، کە بوون شتێکی شاراوە و نادیارە، بەو مانایەی کە هەر لەیەکەم ساتەوە وادیارە کە دەرناکەوێت.

"بوون لە سادەترین دەلالەتی خۆیدا بریتییە لە واقیع، بوونی مرۆیش واتە واقیعی مرۆیی، هەر فیکرێکیش بایەخ بە بوونی مرۆی بدات، فکرێکی بوونگەرایە"، (العشاوی، ١٤،١٩٨٤). بوون لای بوونگەراکان بە جۆرێکە، کە سەرجەم فەیلەسوفەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە مرۆڤ ماهییەتێکی پێشوەختەی دیاریکراوی نییە، "مرۆڤ لای سارتەر وەک شتی دروستکراو نییە، کیرکێگاردیش هەمان بۆچوونی هەیە، بەوەی ناتوانین بوون بخەینە پاڵ کۆمەڵێک بیروڕای عەقڵانیی پەتی، هەروەها لای نیچەش مرۆڤ بەرەو باڵامرۆ هەنگاو دەنێت، بۆیە بەلای هەموویانەوە مرۆڤ بوونێکی ناکامڵ و ناتەواوە، چونکە بوون لە ناوکاتدا دەچێتە پێشێ، بەمەش وێنەی بوون دەکەن بە ئاراستەی کاریگەری چالاکدا، بۆیە بوون لە ئازادی دا خۆی دەبینێت"، (ڕۆستەم،٣٩،٢٠١٦)، ئەمەش هەمان تێڕوانینی (لاکان)ە کە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکات" مرۆڤ ناتوانێت بگاتە پێنتێکی جێگیر، ئەوەی بۆی دەگەڕێت هەمیشە دووردەست و نەگیراو دەمێنێتەوە،... بازنەی گەڕان بەدوای سوبێکتێکدا کە لە بازنەی هەمیشەیی خودسازییدایە، داناخرێت... ئەو ناوکەی سوبێکت دەیەوێت بیگاتێت، ناوکەیەکی خاڵییە"،(عەلی،٩٨،٢٠٢١)، واتە بوون بۆشاییەکە پڕناکرێتەوە، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی پڕکردنەوەیداین، واتە پرۆژەیەکە ناگاتە کۆتایی، بوون دوا شێوە و فۆرمی نییە، بیگەینێ و دەست نیشانی بکەین چونکە"مرۆڤ هیچ شتێکی بۆ دیاری نەکراوە، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە (کیرکێگارد) دەکاتە باوکی بوونگەراکان، ئێمە بوونێکی پێدراومان نییە، ژیانێکی ئامادەمان نییە، بەڵکو بوونێکمان هەیە پڕئەگەرە کە تێیدا مەحکومین هەڵبژێرین، ترس و دوودڵی هاوڕێی ئەبەدیمانن، ئەوە دۆخێکی ساتی و ڕاگووزەر نییە، بەڵکو جەوهەر و بنەمای بوونمانە"، (عەلی،٣٧،٢٠٢٢). ئەمەش وایکردووە کە مرۆڤ بوونێکی کردەی هەبێت، بەردەوام خاوەن "کێشەگەلێکە لەگەڵ خودی خۆی و ئەوانیتر لە نێو کۆمەڵگەدا و ئاوڕیشی لە هەڵوێست و چارەنووس و ئازادییەکانی مرۆڤ داوەتەوە لەگەڵ ئەو ئەزموونە کەسیانەدا کە پێیدا تێپەڕ دەبێت"، (محمد، ٨٤،٢٠٠٤). بە واتایەکیتر تاک لە ڕوانگەی بوونگەراییەوە خۆی پێناسەی ژیانی دەکات و

مانای ژیان دەدۆزێتەوە لە ڕێگەی بەیانکردنی ئەو ئازادییەی هەیەتی و لەڕێی هەڵبژاردنەکانیەوە. لەم ڕوانگەیەوە کە ژیان هەرچەن بێمانا و پووچە بەڵام تاک بە گەڕانەوە بۆ بوونی خۆی و تێگەشتن لە بوونی خۆی پرسیارکردن لە بارەی چ شتێک واتا بە ژیانمان دەبەخشێت؟ ژیانی مرۆڤ ئامانجێکی تایبەتی هەیە؟ مرۆڤ پێویستە لەپێناو ئەو ئامانجەدا بجەنگێت؟ مرۆڤ بە چ مەبەستێک لەم جیهانە پووچەدا دەژیت؟ تێدەگات و واتای تایبەت بەخۆی دەبەخشێت بەو ژیانەی دەیەوێت بژێت. بەم شێوەیە مرۆڤ بە تەواوی مانا ئازادە و ئازادیشی وەک بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ بۆ هەڵبژاردنی ئەو بڕیارەی دەیخوازێت، چونکە بە بڕوای بوونگەراکان ئەم شێوازە بیرکردنەوە و ژیانە تاکە ڕێگایە بۆ بازدان بەسەر بێمانایی و پووچی ژیان، واتا بوونگەرایی مانیفێستکردنی ئەوپەڕی بوونی ئینسانە بۆ ماناداد بە ژیان لەڕێی هەڵبژاردن و ئازادییەوە.

سارتەر، دەڵێت:بوونی مرۆڤ پێش ماهیەتی دەکەوێت". پاشان دەڵێت: مەبەستمان لەوەیە، کە لەپێشدا و بەرلەهەر شتێک مرۆڤ هەیە و ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە و دەچێتە ناو جیهانەوە، پاشان خۆی دەناسێت. هەروەک فەیلەسوفە بوونگەراکان دەڵێن: مرۆڤ پێناسە ناکرێت، هۆیەکەی ئەوەیە، کە ئەو لەسەرەتادا هیچ نیە؛ ئەو ناتوانێ شتێک بێت، مەگەر دوایی ببێت، ئەوساش بەو شێوەیە دەبێت، کە خودی خۆی دروست دەکات"،(زیرەک شەفەق، کوردماد،بوونگەرایی).

**تەوەریی دووەم: جۆرەکانی بوون:**

(کیرکێگارد) وەک یەکێک لە ڕابەرە دیارەکانی بوونگەرایی بوون دەکاتە دووبەشەوە: (بوونی هوشیار و بوونی ناهوشیار): لە پێناسەیاندا دەڵێت: "بوونی هۆشیار ئەو بوونەیە، کە هەوڵدەدات و کۆششێکی زۆر دەکات تاکوو خودی خۆی بناسێت، بە پێچەوانەی بوونی ناهۆشیارەوە، کە بە ئەنقەست هەوڵی ئەوە دەدات لە نێو جەنجاڵی جیهاندا خۆی ون بکات، بگرە بەختەوەریشە، کە خاوەن بوونی خۆی نییە"،( ڕۆستەم،٢٠١٦،٨٦) ئەم دووجۆرە لە بوون بەشدارییەکی گەورە دەکەن لە بەها دان بە ژیان.

(کیرکێگارد) "پێیوایە لە بنەڕەتدا هەموو بوونێکی مرۆیی بە سێ شێواز ژیانی خۆی دەژێت، ئەوانیش:شێوازی جوانخوازی، شێوازی ئاکاریی، شێوازی ئاینی"، (بدوی، ١٩٨٠، ٤٦)، ئەم شێوازانەش لەیەک دابڕاونین و بێ یەکتر نابن، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. سەرەتا مرۆڤ بە قۆناغی جوانخوازی و چێژ و هەستەکی و ڕاڕایی دەست پێدەکات، پاشان هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و لەکۆتاییشدا لە بوونی باڵایی خودادا دەتوێتەوە.

بوون لای (هایدەگەر) دابەشکارییەکی دیکە وەردەگرێت، بوون دەکات بە دووبەشەوە ئەوانیش (بوونی ڕەسەن و بوونی نارەسەن):

**بوونی ڕەسەن:** ئەو بوونەیە خاوەن ئازادی و هەڵبژاردنی چارەنووس و بڕیارەکانی خۆیەتی، بە ئازادانە بڕیار لەسەر داهاتووی خۆی دەدات و بەرپرسیارێتی بڕیارەکانیشی هەڵدگرێت،"بوونی ڕەسەن بە ناسینەوەی تایبەتمەندی خۆی وەک تاکێک و جیاوازییەکانی لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا خۆی دەسەلمێنێت و مامەڵە لەگەڵ دەروبەر دەکات، تاکێکە سەربەستە و کەسانی دیکەش وەک خۆی دەبینێت، باوەڕی بە تایبەتمەندێتی و جیاوازییەکانی تاکەکانی دیکەش هەیە، لەم ئاستەوە سەربەستانەو سەربەخۆ پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێنێت،(ڕۆستەم،٢٠١٦، ٨٦). ئازادی لای بوونی ڕەسەن گرنگی خۆی هەیە و بوونی خۆی پەیوەست دەکات بە ئازادییەوە. بۆیە ئەم جۆرە لە تاک بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێت و ڕەسەنێتی لەئەنجامی نیگەرانییە ئۆنتۆلۆجییەکەیەوە بەدەست دەهێنێت، بەمەش بوونێکە خاوەن بنەما و بنەڕەتی خۆیەتی. بەواتەیەکی دیکە "تاک چەند خاوەن خۆی بێت وچەند خولقێنەری خۆی بێت لەو وێنەیەدا کە بۆ خۆی دروستکردووە، ئەوەندە خاوەن بوونی ڕەسەن، (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨،٢٣)، واتە دەبێت بڕیاردانی لەبارەی ئەوەی چی بێت و چۆن بێت لە خودی خۆیەوە بێت، نەک دەوروبەر کەسانی دی بەسەریدا بسەپێنن.

**بوونی ناڕەسەن:** بە پێچەوانەی بوونی ڕەسەنەوە هیچ خەسڵەتێکی ڕەسەنی لە بوونیدا نەماوە، واتە "بوونێکە خۆونکەری نێو ژیانی ڕۆژانەیە و خاوەنی خۆی نییە، بوونێکە وەک ئەوان بیر لە ڕاستی دەکاتەوە، شوێن بۆچونەکانی ئەوان دەکەوێت،(کەمال،٢٠٠٦،١٠٨)، بوونی ناڕەسەن ئازادی خۆی لەدەستداوە، بۆیە چاوەڕێدەکات ئەوانی دی بڕیار لەسەر پرۆژەو چارەنووس و داهاتووی بدەن، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەی بەرگەی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بڕیارەکان ناگرێت، خۆی لەهەڵوێستەکان دەدزێتەوە،"چونکە بوون لەبەشداریکردنی هەنووکەییدا خۆی لە نێو چۆنێتی بوونی ئەوان دەتوێنێتەوە، توانەوەیەکی تەواوەتی، بەشێوەیەک کە ئیدی ئەوانی دی شقڵە تایبەتییەکانی خۆی لەدەست دەدات، خەڵکی مومارەسەی دیکتاتۆرییەکی ڕاستەقینە دەکەن، ئەوان داوای جۆرێک لە جۆرەکانی پاکتاوکردنی ئاستەکان دەکەن، خوازیاری مانەوەن لە ئاستێکی مامناوەند، ئەمەش ئەو دۆخەیە کە بە ژیانی کراوەی گشتی ناوی دەبەن"،(جولیفیە، ١٩٨٨، ٧٤).

(سارتەر) بوونی دابەش کردووە بۆ (بوون لە نێو خۆ، بوون بۆ خۆ، بوون بۆ ئەوانیتر): بوون لەنێو خۆی، "ئەم بوونە بونێکی بابەتی هەیە و لەگۆڕێدایە، دەکرێت ببینرێت یان دەستی لێبدرێت، تام بکرێت یان بۆن بکرێت، دەکرێت بەهۆ هەستەکانەوە درکی پێبکرێت، ئەم جۆرەی بوون جیهانی شتەکان دەگرێتەوە، زۆرجاریش ئەگەر بوون بۆ خۆی ڕەسەنی خۆی لەدەست بدات بەرەو ئەم ناوچەیەی بوون دەچێت"، (ڕۆستەم، ٢٠١٦،٦٨) ، ئەمجۆرەی بوون هیچ ئاگامەندییەکی نییە، ئەمەش وایکردووە توانای درککردنی خۆی نەبێت، هیچ جۆرە ناوەرۆکێکشی نییە، تا خۆی پێپڕ بکاتەوە، چونکە ئەم جۆرە لە بوون تەواو پڕە. ئەم بوونە هیچ نهێنییەکی تێدا نییە و بەسەر خۆیدا داخراوە و ناتوانێت خۆی بەدی نهێنێت.

بوون بۆ خۆی: مەبەست لەم جۆرەی بوونی مرۆڤە، کە خاوەن ئاگامەندی خۆیەتی، بۆیە ئاگامەند بۆ خۆی جیاوازە لە بوونی شتەکانی تری ناو جیهان، لەمڕوانگەیەوە ماهییەتی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی پاش بوون دەکەوێت، ئەم جۆرە لە بوون چەندین پرۆژە لە بەردەمیدایە تا بەدییان

بهێنێت"،(ڕۆستەم ٦٨،٢٠١٦) کەواتە ئەم بوونە هەمیشە هەوڵدەدات بۆ ئەوە ببێتە ئەو بوونەی کە دەبێ ببێت، ئەو بەهایانەی شیاوی هەڵبژاردنن تەنیا بە بوونی مرۆڤە بەندە، بۆیە ئەم بوونە بەرپرسیارە بەرامبەر بە ئێستا و داهاتوو چونکە لە هەڵبژاردن ئازادە.

بوون بۆ ئەوانیتر: بوونی مرۆڤ لە نێو جیهاندایە، ئەمەش وایکردووە، کە لە وێنەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەربکەوێت، ناتوانێت لە پەیوەندی ڕۆحیدا نەبێت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. "مرۆڤ دەبێت لە نێو جیهاندا لەگەڵ ئەوانیتردا بێت، چونکە بوونی ئەوانی تر بۆ بوونی من پێش مەرجێکی ئەنتۆلۆجییە، پێویستە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بوونی خۆم بخەمە بەر ئەزموون و بەدیبهێنم، بوونی ئەوانیتر لە بەرامبەر بوونی مندا جێگەی گومان نییە"، (ڕۆستەم، ٧٣،٢٠١٦) بە واتەیەکی دی هەر مرۆڤێک تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ کەسی بەرانبەری، بۆیە "هەریەک لە هەوڵی ئەوەدایە، بەوشێوەیە لێی بڕوانرێت، کە خۆی بۆ خۆی وێناکردووە و هاوکات ئەویترش لای خۆیەوە هەمان هەستی هەیە، بەم شێوەیە ململانێی هەمیشەیی دەبێتە دەرئەنجامی پەیوەندییە مرۆییەکان"، (تودی، عبدلفتاح،٦٢،٢٠٠٤)، چونکە ئەگەر پەیوەندیی خۆشەویستی وەک نموونەیەک وەربگرین جەمسەرەکان لەپێوەندیی خۆشەویستیدا یەکێکیان دەیەوێ ئەویتریان لە بوونی خۆی دابڕێت، "وردە وردە ئەم پێوەندییە خۆشەویستییەی، کە لەسەر بنەمای ئارەزوویەکی سەربەستانە بونیادنراوە، دەچێتە قۆناغی ململانێی بوونەکانەوە، ململانێی نێوان خودی من و خودی ئەو، بەوە کۆتایی دێت، یان لە ناو خۆشەویستییەکەمدا فەنادەبم یان ئەو لە ناو مندا فەنا دەبێت، فەنابوونی هەر کامێکیشمان بە فەنابوونی خۆشەویستی کۆتایی دێت، چونکە چیدی عاشق و مەعشوق بونیان نامێنێت، بەڵکو تەنیا یەک عاشق هەیە، یان یەک مەعشوق"،(الحفنی،١٩٦٧،١٠٤).

بەشی دووەم :

**تەوەریی یەکەم: کورتەیەک لە ناساندنی ڕۆمانەکە:**

ڕۆمانی پاسەوانانی خودا مێژوییەکە بۆ بینینی خۆمان. نوسەر دەست دەخاتە سەر ئەو برینانەی کەپەنهانن ئەو شتانەی تا ئێستا لەهزدا بەتەواو نەکراوی ماونەتەوە، لەسەر بەرگی ڕۆمانەکە لە ژێر تایتڵی ڕۆمانەکەدا بەناوی"پاسەوانانی خودا" نوسەر لە دێڕێکدا نوسیویەتی:"مێژوویەکی تر بۆ بینینی خۆمان".واتە:نوسینی ئەم ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ڕوانینمان کە وێنەی خۆمانمان پێ بینیوە،ڕۆمانەکە ئەیەوێت پێمان بڵێت مێژوو وێنەیەکی تری هەیە کە بەڕوانین لەو وینە جیاوازەی تری مێژوو دەتوانین خۆمان و ڕابردوومان ببینین.

لەدەستپێکدا و لە پێش بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا بە دوو شێوە باس لە ڕۆڵی وێنەکە دەکات لە بازنەی ژیاندا یەکەم نووسەر دەڵێت: "ئەوەی دەگۆڕێت شێوە و وێنەی شتەکانە نەک دونیا زانست و شۆڕشەکان فریودەر بوون، ئەوەی گۆڕا شێوە و وێنەی شتەکان بوو نەوەک شتەکان

خۆیان"،(محەمەد،١٣،٢٠١٩) لە دووەمدا دەڵێت: وێنە و شێوەی شت و مرۆڤەکان زیاتر دەژین تا شت و مرۆڤەکان خۆیان"(محەمەد،١٣،٢٠١٩).

هەروەها ڕێبوار سەفەرێکی درێژی لەبەردەمدایە بۆ مەدرید تا چارەنوسی سێ وێنە بنوسێتەوە، ئەو سەیری ئەو سێ وینەی بەردەمی دەکرد کە دوو ڕۆژ لەوەوبەر بە ڕێکەوت کاتێك لەناو میترۆدا بوو، لەگۆڤارێکدا بینی و بیرۆکەی نوسینی ڕۆمانێکی لا دروست کرد کە ڕووداوەکانی لە مەدریدەوە دەستی پێدەکرد. "وێنەی سێ کەس کە بەرێکەوت لە گۆڤارێکدا بوون و ڕێبوار ئەو بابەتانی بۆ گرنگ نەبوون کە وینەکانی تێدا بوون، بەڵکوو بەلایەوە سێ وێنەکە خۆیان گرنگ بوون، وەک ئەوەی وینەکان بژین"(محەمەد،١٦،٢٠١٩)

هەر لە بەر ئەم کاریگەریەی وێنەیە، کە بە بۆچونی نوسەری ڕۆمانەکە وێنە زیاتر دەژی لە خودی شتەکان و مرۆڤەکان لەبەر ئەوەی، کە وێنە و شێوەی مرۆڤ و شتەکان تەمەنیان لە مرۆڤ و شتەکان خۆیان درێژترە، ئەمەش وادەکات دەبێت هەمیشە لە خزمەتی ئەو وێنەیەدا بین کە لەواقیعدا بۆ مان درووست بووە. بەنموونە پیاوێکی ئاینی یان کارەکتەرێکی سیاسی دەبێت تا کۆتایی تەمەنی لەخزمەتی پاراستنی وینەی پیاوە ئاینیەکەیدا یان کارەکتەرە سیاسیەکەیدا بێت، لەکۆتایی ئەم ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت کە کۆی ڕۆمانەکە هەوڵێکە بۆ نوسینەوەی چارەنوس، وەک کارەکتەری سەرەکی دەڵێت" ئەوەی دەبوو باسی بکەم و نەمکرد، باسکردن لەڕەگی مرۆڤ. بەڵام ئایا ڕەگ گرنگە بۆمرۆڤ؟ ئایا مرۆڤ گەوهەری خۆیی گرنگە؟یان ئەو ڕەگەی دەیباتەوە ناو جوگرافیاو مێژوو؟ بۆدەبێ جوگرافیاییەک زیندانم بکات؟ من بۆ کوردم ؟ من کێم؟ ئایا بۆناتوانم خۆم پێناسەی خۆم بم ؟ئایا ڕەگەزی زەمەنە نێرو مێ دەخولقێنێ؟ ڕەشبینی نێرە؟ گەشبینی مێ ؟ دۆزەخ نێرە؟بەهەشت مێ؟دڵڕەقی نێرە؟ میهرەبانی مێ؟ئایا زەمەن نێرە،یاخود مێ؟ یان ئەشێ هەردوو ڕەگەزی لەخۆیا هەڵگرتبێ؟زۆرجار مرۆڤ لەوێنەی خۆیی هەڵدێ، یاخود وێنەی خۆی ون دەکات، بەوێنەیەکی دیکە دەژی، چونکە مەرج نیە هەموو کەسێ ئەو وەڵامەی دەست کەوێ کەبەخۆیی ئەڵێ من کێم؟ ئافرەت هەمیشە وا لەمنداڵدانی خۆیی ڕوانیوە کەناوەندی گەردوون بێ، جگە لەوەی ڕۆماننوس پێمان دەڵێت مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە، کەعەشقێکی زۆری هەیە بۆڕاڤەکردن و هەوڵ دەدات لەهەموو شتێ تێبگات، لەکەوتنەخوارەوەی سێوێک یان سوڕانەوەی زەوی یان هەرشتێکی دیکە کە دەی بینین، لەخۆتت پرسیوە؟ ڕابردوو ئازاردەرەو داهاتوش توقێنەر؟ ئایا لەهەوڵی ئەوەدابووین زاڵ بین بەسەر ڕابردومانا؟ ڕێگەمان داوە ڕێگاکان ببڕین بۆئەوەی بەرەنگاری ئاینده ببینەوە؟ئایا تەنیایی باشترە لەخۆشەویستی؟هیچ کەسێ لەمرۆڤەکان فریشتە ئاسانیە، بۆیە هەریەکەمان هەڵە دەکەین، هەڵە یەکێکە لەو ووشانەی تەنها مانایی لەخۆیدا هەڵنەگرتوە، بەڵکو زۆرجار لەدەرەوەیی خۆیەوە مانا وەر دەگرێت، دەکرێ هەڵە لەڕێگەی ئاینەوە مانایی گوناهـ بدا، لەسیاسەتدا خیانەت بێ، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا لادان و تاوان بێ.

## تەوەریی دووەم: جۆرەکانی بوون لە ڕۆمانی "پاسەوانانی خودا" دا:

**بوونی ناڕەسەن:** سەرەڕای ئەوەی، کە ئەم ڕۆمانە گوزارشتی لە چەندین بابەتی جۆراوجۆر لە ناوەڕۆکی پەیامەکەیدا هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری وێنەی بوون لە ڕێڕەوی ژیاندا پانتاییەکی فراوانی لە ناو ڕۆمانەکەدا داگیر کردووە بەنموونە: ئەو گوزارشتانەی کە لەبارەی خۆ نمایشکردنی وێنەی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە ملیۆنان مرۆڤ لێی هەڵدێت، گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا بۆ چی لەم سەردەمەدا ئاگایی مرۆڤ وایە کە وێنە و شێوەی شتەکان تەمەنیان لە خودی مرۆڤەکان و شتەکان زیاترە، گێڕەرەوە دەڵێت: **"ڕێبوار ئەو بابەتانەی بۆ گرنگ نەبوو، کە وێنەکانی تێدابوون، بەڵکو بەلایەوە سێ وێنەکە خۆیان گرنگ بوون، وەک ئەوەی وێنەکان بژین. ئەوەی دەژی، وێنەکان و شێوەی مرۆڤەکانە، نەوەک مرۆڤەکان خۆیان"**، (محەمەد،٢٠١٩،١٦)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت زۆرجار فرە وێنەیی کە کۆمەڵگە و ژینگە بە تاکی دەبەخشێت دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ون بوونی تاک و نە دۆزینەوەی وێنەی ڕاستەقینەی خۆیی، هەڵبەتە لە ڕەخنەگرتنی دونیای واتا ساختەکان، سەرجەمی ئەو ڕەهەندە ڕیشەیی و مێژووییەی نێو بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوریەش دەبینین، کەتێکڕا لە ئاستی زمان و پەروەردەو ئامادەیی هوشیاری مرۆڤدا درک بە جەوهەر و چوارچێوەو سنوری کارکردنیدا دەکەین، کاتێک دەڵێین ماناگەلێکی ساختە لەناوسیاقی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاسایی دەوری داوین. هاوکات ئاماژەش بۆ ئەو ناوەندو ئامرازە بەرهەمهێنەرەی واتاش ئەکەین کەلەسەر جۆرێک لەبرواهێنانی دەستەجەمعیمان بۆخۆی درێژە بە هەیمەنەی ڕەمزی خۆی دەدا. وەک دەڵێت: **"زۆرجار مرۆڤ لە وێنەی خۆی هەڵدێت، یاخود خۆی ون دەکات و بە وێنەی دیکەوە دەژی، کە ئەوی دیکە، واتا بەرامبەر، ئاشنانەبووە پێی، دەشێ مرۆڤیش هەبێت بەدوای وێنەی خۆی بگەڕێت و لە سۆراخی خۆیدا بێت، مەرج نییە هەرکەسێک بتوانێت بە سانایی وەڵامی ئەو پرەسیارە بداتەوە کە دەڵێت من کێم؟ چوونکە مرۆڤ یەک وێنەی نییە"**، (محەمەد،٢٠١٩،٣٧)، چونکە تاک هەمیشە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانە کە دەربارەی بوونی خۆیەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "فەرد هێزی خودسازیی هەیە، ئەو سەیری خودسازیی وەک پرۆسەیەکی هەمیشەیی دەکات، وەک هێزێکی ناوەکی و بوونێک کە مرۆڤ ناتوانێت لێی ڕابکات"، (عەلی،٢٠٢١،١٠٣)، بوون بە خۆت، دەبێت پرۆسەیەکی هەمیشەیی بێت، هەوڵدان بۆ ژیانێکی ڕەسەن یان ڕاستینەی سەربەخۆ بە جۆرێک دەبێتە خۆویستی. لەو کاتەی کە ڕەسەنایەتی خود بەرووکەش دەکرێت و لە دیاردەی خۆهەڵواسین و وابەستەیی بە ئەوانی ترەوە، واتە ئەو جۆرە ژیان و ڕەوشتەی کە ئەو " خەڵک" دەیخوازێت، دەبینرێت، ئەم کارەکتەرەش سەفەرێکی درێژی لەم پێناوەدا گرتووەتەبەر تاکو بتوانێت بەو ئامانجەبگات.

لە درێژەی نیگەرانییەکانی ئەم کارەکتەرە دەربارەی خود و ئەو وێنانەی، کە ئەوانی دی دەیبەخشن بە تاک و دەبێتە فاکتەری لەدەستدانی ڕەسەن بوونی تاک و ونبوونی وێنەی ڕاستەقینەی تاک، لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە (ڕێبوار) دەڵێت: **"بڵێی ئەو وێنەیەم مردبێت کە لای ئەو هەمبووە؟ یاخود ئەو هەستانەی مردوون، کە بەرامبەر من هەیبوو؟ یاخود من خۆم مردووم لەودا؟ چوونکە ئێمە**

**لەڕێگەی ئەوی ترەوە هەین، بەوەی ئەوە ئەوی ترە بوونمان دەداتێ"...**، (محەمەد،٢٠١٩،٣٢). ئەم کارەکتەرە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە لەم سەردەمەدا بە جۆرێک تاک ڕەسەنێتی خۆی لەدەست داوە و ونبووە لە ناو ژاوەژاوی قەرەباڵغی کە تەنیا نواندن و نمایشەکان وێنەی تاک دەکێشن، کە هیچ کام لەم وێنانە وێنەی ڕاستەقینەی تاک نییە، وەک دەڵێت: **"لەم سەردەمەدا ئەوەی مانایەک دەدات بە تۆ، خۆت نیت، بەڵکو ئەو وێنەیەیە لەسەر خۆت دروستی دەکەیت و دەیدەیت بە بەرامبەرەکەت، خۆت نیت وەک هەڵوێست و بیرکردنەوەت، گرنگ نییە خۆت چەند کەسێکی ڕاستگۆ، درۆزنی...، بەڵکو گرنگ ئەو وێنانەتە، کە تیایدا وەک عاشقێک نیشانت دەدەن،** (محەمەد،٢٠١٩،٧٣). ئەم کارەکتەرە پێمان ئەڵێت ئێمە وێنەکەمان ئەژی نەك خۆمان، خەڵك و بەرامبەرەکەت بەو شێوەیە تۆیان ئەوێت کە خۆیان وێنەیان بۆت کردوە نەک ئەوەی بوونی ڕاستەقینەی خۆت چۆنە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەلومەرجێکە تێیدا مرۆڤ جەوهەری خۆی، لاوازییەکانی، ئەوەی دەشێت ئەوانی دی قەبووڵی نەکەن، بشارێتەوە، خۆی بشوێنێت تا ئەو وێنەیە بتاشێت کە لای ئەوانیدی پەسەندە. بە مانایەکی تر مرۆڤی ڕۆژگاری ئێمە بەردەوام دەبێت چاوەڕوانی ئەوانیدی تێربکات، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ونبوونی بوونی ڕاستەقینەی خۆت لە نێو وێنەو تێرکردنی چاوەڕوانی ئەوانی دیکەدا ئەم کارەکتەرەش وێڵە لە پێناو گەیشتن بە وێنەی ڕاستەقینەی خۆی، نەک ئەو وێنە داتاشراوەی بۆ خۆیان دروستبکەن لە پێناو ڕازیکردنی ئەوانیدی لەم پێناوەشدایە گەیشتوون بە ئەورپا.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە ڕۆماننووس ئاوڕی لێداوەتەوە، ناکامڵی بوونی مرۆڤە وەک دەڵێت: **"مرۆڤ هەمیشە خەون بە کامڵییەوە دەبینێت. تیورییەکی کامڵ، کە هەموو شتێکی پێ ڕاڤە بکرێت"**، (محەمەد،٢٠١٩،٣٣)، ئەمەش هەمان تێڕوانینی (لاکان)ە کە دەڵێت"من هەمیشە نوقسانە و ئاماژەیە بۆ بۆشایی، واتە جەوهەرێکی نییە، شوێنێکی خاڵییە کە ئاماژە بە ئامادەگی دەکات، بۆ هەڵگرتنی شوناسێک، بۆ تەماهیکردن لەگەڵ کەسێک یان بابەتێکدا، کە دەبێتە هەوێنی کارەکتەرو داڕێژەری شوناس"، (عەلی،٢٠١٢،٧٣)، واتە من هەمیشە لەگەڕاندایە بۆ کامڵبوون و هەڵگرتنی شوناسێک، بەو واتایەی بوون لە گۆڕانکاریی و نوێ بوونەوەدایە و بە بەردەوامی خواستی گەیشتن بە قۆناغی باشتر و خۆتەواوکردنی هەیە هەموو سەفەرەکانی مرۆڤ لەم پێناوەدایە، ئەگەرچی ئەم گەڕانانەش هیچی لێ سەوز نابێت، بەڵام مرۆڤ هەمیشە گەڕیدەی ئەم ڕێگەیەیە، ئەمەش وادەکات مرۆڤ نەگات بە وێنەیەکی کامڵی بوونی خۆی، وەک دەڵێت**" بۆ نموونە بۆ ئەوەی لە گەردوون تێبگەین، دەبێت لەو بۆشاییە تێبگەین کە بەشێکی زۆر گەردوون پێکدەهێنێت، تۆ دەزانیت مرۆڤ بونەوەرێکە هەست بە بۆشایی دەکات و هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە پربکاتەوە، کە لە ناویدایە..."،** (محەمەد،٢٠١٩،٩٠)، بە واتایەکی دیکە ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت کە "بوون بۆشاییەکە پڕناکرێتەوە، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی پڕکردنەوەیداین، واتە پرۆژەیەکە ناگاتە کۆتایی، بوون دوا شێوە و فۆڕمی نییە، بیگەینێ و دەستنیشانی بکەین"،(عەلی،٢٠٢١،١٠٠)، هەربۆیە ئەم کارەکتەرە لای وایە ژیان چیرۆکێکی تەواونەکراوە و هەرگیزش تەواو نابێت،**"لای من بوون و ژیان بریتین لە کۆمەڵێکی بێکۆتا لە پارچە و بەش، نەوەک یەکپارچەبێت، کۆمەڵێک چیرۆکی تەواونەکراو..."** (محەمەد،٢٠١٩،٩٢). ئەمەش وادەکات بوون هەمیشە پارچە پارچە بێت و کۆکردنەوەی ئەم

پارچانەو دروستکردنی وێنەیەکی تەواوی بوون لای مرۆڤ کارێکی ئەستەمە.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە نووسەر تیشکی خستۆتەسەر بوون لای مرۆڤی پەناهەندەیە، چونکە دونیای ڕاستەقینەی پەناهەندە نامۆبوونە، کە پشتی کردە نامۆبوون دەکەوێتە دونیایەکی دەستکرد و درۆزنەوە، مرۆڤ دەبێت سەرەتا باوەڕ بە نامۆبوونی خۆی بهێنێت تا بتوانێت دواتر لەسەر ماناکانی نامۆبوون ئیشبکات، بەڵام کۆچبەری کورد لە هەڵهاتنێکی گەورەدایە لە نامۆبوونی خۆی، ئەم کارەکتەرە وردتر تیشک دەخاتە سەر ئەم نامۆبوون و دوولەت بوونەی تاکی پەناهەندە و خۆونکردنی لە نێوان دوو دونیادا دەڵێت: **"بیرکردنەوە لەوەی چۆن شوێن شووناسمان دەداتێ، ئایا ئەوەی لێی هەڵدێین، شوێن و وێنەیەکە، تا بەدوای وێنەیەکی تردا بگەڕێین؟ ... زۆر کەس دەبنە پەناهەندە هەوڵ دەدەن جارێکی تر خۆیان لە ناو وێنە گەورەکەدا ون بکەنەوە، چونکە "پەناهەندە مرۆڤێکی درزبردووە. ئەو لە نێوان ئێرە و ئەوێدا لەت بووە. لەوێ هەڵدەکەنرێت و لێرەش ڕەگ داناکوتێت، ئیتر وەک دارێک بەسەر ئاوەوە بێت، دەروات و دەڕوات، بێ ئەوەی ئامانجی شوێنێک بێت. لێرە نامۆیە و لەوێش نامۆ، کە لێرەیە لەوێ دەژی کاتێکیش دەگەڕێتەوە ئەوێ لێرە دەژی"**، (محەمەد، ٢٠١٩، ٥١) ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت کۆچبەری ئێمە ئاوێنەیەکی پێیە کە تەماشایدەکات هێشتا وێنە کۆنەکانی خۆی دەبینێت، کەسێکە لە ڕێگای ئەلبوومە کۆنەکانەوە دۆخی ئێستای خۆی هەڵدەسەنگێنێت، نایەوێت سەیری دۆخی نوێی خۆی بکات. لێرەوە نە پەیامی کەسانی غەریبی بۆ کۆمەڵگای کوردی پێیە، نە پەیامی ئەو کەسانەشی بۆ جیهان پێیە، بۆیە کۆچبەری ئێمە بە ئاگایی بە مانای کۆچ و مانا ڕەمزییەکانی کۆچ نییە، لێرەوە ناتوانێت بزانێت چی ئەگەرێك و توانایەکی شاردراوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ هەمیشە لە ناشوێن دا بژێت، نە دەست بەرداری ئێرە دەبێت، نە دەبێت بە تاکێکی ئەوێ، بۆیە ئەم تاکە لە نێوان ئێرە و ئەوێ بۆ هەمیشە خۆی ون دەکات، دەبێتە خاوەن بوونێکی نارەسەن.

هەر ئەم کارەکتەرە سەرەکییە سەرنجمان ڕادەکێشت بۆ ڕۆڵی شوێن لە نارەسەن بوونی خود لای تاک، ئەگەر چی شوێن بوارێک نییە، کە مانا بە کەسەکان ببەخشێت یان لە ڕاستیدا دەسەڵاتیان بە سەردا پیادە بکات، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنەدا گۆڕانکاری بە سەر شوێندا هاتوە. شوێن چیدی بوارێکی پەسیڤ نییە، بوارێک نییە کە مرۆڤەکان دەسەڵاتی تەواویان بە سەریدا هەبێت، بە پێچەوانەوە، شوێن دەبێتە پانتاییەکی ئێجگار کاریگەر بە سەر مرۆڤەوە، زۆرجار بوونی مرۆڤ بە شوێن پێوانە دەکرێت نەک گەوهەری ڕاستەقینە و تواناکانی خود، بۆیە لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە ڕێبوار لە خۆی دەپرسێت.**"ئایە مرۆڤ گەوهەری خۆی گرنگە؟ یان ئەو ڕەگەی دەیباتەوە ناو جوگرافیا و مێژوو؟ لەزێدی پەناهەندەیە لەجیاتی پرساری ئەوەی من بۆ نەژیم؟ پرساری من بۆ دەژیم ؟ جێگەی دەگرێتەوە و ئیتر کۆمەڵگەیەکی بێ تاقەت بەرهەم دەهێنرێت، زەمەن ئێرە یاخود مێ؟... "** (محەمەد،٢٠١٩)، نووسەر لەسەر زاری ئەم کارەکتەرەوە چەندین پرسیار دەخاتەڕوو، کە ڕووبەڕووی تاکی پەناهەندە دەبێتەوە، هەر ئەم پرسیارانەش دەبێتەهۆی نامۆیی و لەت لەتبوونی تاک لە پەناهەندەدا، هەمیشە پرسیاری ژیان و بوون بۆ ژیانکردن و ئامانج لە بوون و ژیان هزری

تاکی پەناهەندە دەوروژێنێت و دەیکاتە مرۆڤێکی ونبوو لە نێو نەتەوە و وڵاتە جیاوازەکاندا.

**بوونی ڕەسەن**: سەرەرای ئەوەی نارەسەن بوونی تاک پانتاییەکی فراوانی لەم ڕۆمانەدا داگیرکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر پێمان دەڵێت دەکرێت لە هەرکاتێکدا تاک ئاوڕبداتەوە لە خودی خۆی و ڕەسەنێتی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، (نیان) وەک کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکە وەک گێڕەرەوە بەم جۆرە وێنەی بۆ خوێنەر ڕوونکردۆتەوە، دەیەوێت بە ئازادی و هەڵبژاردنەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ هێزێکی دەرەوەی خۆی، دژی لە قاڵبدانی تاک لەناو بازنەیەکی بیرکردنەوەی تەسکدا. پێناسەی ژیانی بکات و مانای ژیان بدۆزێتەوە لە ڕێگەی بەیانکردنی ئەو ئازادییەی هەیەتی و لەڕێی هەڵبژاردنەکانیەوە، وەک گێڕەرەوە دەڵێت: **" دنیا تاریک ببوو کاتێک نیان هەستا و چوو خۆی بگۆڕێت. لەبەردەم ئاوێنەکەدا، بۆماوەیەک لە خۆی ڕاما، جیاواز لە هەموو ئەو جارانەیتر لە خۆی ڕاما، وەک ئەوەی پێی نابێتە مێژوویەکیتری خۆ بینینەوە، بەوەی ئەمجارە سەیری خۆی نەکرد، وەک ئەوەی لە چاوی ئەوانی ترەوە ببینێت، بەڵکو دەیویست خۆی لە چاوی خۆیەوە ببینێت**، (محەمەد،٢٠١٩،١٣٧)، ئەگەرچی ئەم کارەکتەرە لەسەرەتادا تووشی جۆرێک لە خود ونکردن بووە، بەڵام دواتر بڕیار دەدات چیتر وێنەکانی دەوروبەر و ئەوانیتر کە بۆیان کێشاوە گرنگ نەبێت، بەڵکو چیتر بەچاوی خۆی بڕوانێتە خۆی و وێنەی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت، ببێتە تاکێکی خاوەن بوونێکی ڕەسەن.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە(سنور)ە، ئەم کارەکتەرە ئەگەرچی هاوشێوەی کارەکتەرەکانی دیکە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و بوونێکی ساختە و خۆ نماشکردن هەڵهاتووە، بەڵام کاتێک دەگاتە ڕۆژئاوا دەتوانێت لە دەرفەتێکدا ئاوڕبداتەوە لە خودی خۆی، ببێتە تاکێک دوور لە نمایش و بە بوونێکی ڕەسەنەوە بژی، **"سنوور بێدەنگ لە ڕێبواری دەڕوانی، لێی پرسی سەرسام بوویت کە وتم بەهەڵە لە جەستەیەکی تردا لە دایک بووم؟ دەبێت ئیتر شەرم نەکەین لە وێنە خۆمان و بە وێنەیەکیش ڕازی نەبین، کە بۆیان کێشاوین،... سنور پێکەنی وتی دەزانیت ماندووم و دەمەوێت کەمێک پشوو بدەم"**، (محەمەد،٢٠١٩،١٩١)، جێگەی سەرنجە ئەم کارەکتەرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە جەستەیەکی هەڵەدا هاتووەتە بوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بە گشتی ئافرەت دیلی جەستەی خۆیەتی، زۆرجار سەرچاوەی ئازار و خەمەکانێتی، چونکە" قفڵدانی جەستەیەتی بە کۆدی شەرەف، جەستەی ژنی ڕۆژهەڵاتی جەستەیەکی داخراوە. مەبەست لە داخراوی جەستەی ژن، ئەوە نییە کە ژن تەنیا لە بەکارهێنانی جەستەی بۆ سێکس ئازاد نەبێت، نەخێر، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە دەیان خاڵی تر کە لە جەستەی ژن قەدەغەکراوە. جەستەی ژن داخراوە بەڕووی هەموو ئازادییەکی ئاسای و جوڵەو ئەرکی ئاسایی ڕۆژانە، بەهۆی شەرەفەوە.( قەرەداغی ،٢٠٠٤،١٥)، بەڵام ئەم کارەکتەرە دەیەوێت جەستەی خۆی وەک سەرچاوەی جوانی و چێژو خۆشەویستی ببینێ، چیتر ئەم وێنەیە قبوڵ نەکات، کە جەستەی وەک سەرچاوەی ئازار ببینێت. بۆیە دواتر بە ڕێبوار دەڵێت: **"ئێستا پێتدەڵێم، هەست ناکەم کەسێک بم لە جەستەیەکی هەڵەدا، نا، من ئەمەم کە هەم، ناشمەوێت هیچ وێنەیەکی تربم"**، (محەمەد،٢٠١٩،٢٠٣)، بۆیە

ئەم کارەکتەرە بڕیار دەدات خۆی وێنەی خۆی بکێشێت وەک ئەوەی کە هەیە، نەک دەوروبەر بڕیار لە بارەی بوون و وێنەیەوە بدەن. بەمەش دەبێتە خاوەن بوویەکی ڕەسەن، چونکە ئەگەر بەتەواوی مانا وەک مرۆڤێکی خاوەن بوویەکی ڕەسەن ژیان بکەیت دەبێت بوێری بکەیت ئازاد بیت و هەڵبژاردن بکەیت و بەرپرسیارێتی و دەرئەنجامی ئەو بڕیارەی کە پەیوەستە بە ئازادی و هەڵبژاردنە لە ئەستۆبگریت.

**ئەنجام**:

١-ئەم ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ڕوانینمان، کە وێنەی خۆمانمان پێ بینیوە، ڕۆمانەکە ئەیەوێت پێمان بڵێت مێژوو وێنەیەکی تری هەیە کە بەڕوانین لەو وێنە جیاوازەیتر دەتوانین خۆمان و ڕابردوو و ئایندەمان ببینین، نەک دەوروبەر وێنەمان بکێشێت.

٢-نووسەر پێمان دەڵێت تاکی ڕۆژهەڵاتی بەکاریگەری ژینگە هیچ کات خاوەنی بوونێکی ڕەسەن نییە، خاوەنی وێنەی ڕاستەقینەی خۆی نییە، بەڵکو دەوروبەر وێنەی دەکێشن، بەمەش ڕەسەنێتی خۆی لەدەست دەدات.

٣- لە نێو تاکی ڕۆژهەڵاتیشدا ئافرەت زیاتر قوربانییە و بەکاریگەری جەستەیی لە نێو ژینگەیەکی نائازاد زووتر ڕەسەن بوونی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام دەکرێت لە ژینگەیەکی ئازاد جارێکی تر ئاوڕ لە بوونی خۆی بداتەوە و وێنەی خۆی وەک ئەوەی هەیە بکێشێت و ڕەسەنێتی بوونی خۆی بەدەست بهێنێتەوە.

## **References**:


-Abdulfatah,amam,(2004), aqdam lk sartar, flib twdi, majlis aala alsaqafat,qahira.
-Abdulla, huhamad amin,(2008). Bon la shiari mahwida, zankoi koya koleji zman, dktora.
-Alashawi,saeed,(1984), tarix akwhwdia fi fkr albshria, mnshwrat want alarabia, bairut.
-Alhafni, ablumnam,(1967), alwjwdiya fi al-Hayat sartar w flsafat, dar alktab alarabia, qahira.
-Ali, bachtyar,(2021), wak balndai naw jangala trsnakakan, chapy dowam, nawandi roshnbiri rahand.
-Ali,bachtyar,(2022), dastasrakai otilo, chapy yakam nawandi roshnbiri rahand.
-Badawi, Abdulrahman,(1980), draset fi falsafat al wjawd, moasasat alarabia li drasat wal nashr, bairut.
-Jwlifiya, rijis,(1988), mazhabalwjwdiya krikjw al jan bol sartar, tarjma: fwad kaml, dar aladab birut.
- Muhamad, atta,(2019), paswanani xwda, chapy dowam, nawandi roshnbiri rahand.
-Muhamad, mihr,(2004), mqadama fi falsafat masara, dar ltaba alnashr, qahira.
-Rostam, ari Osman,(2016), rangdanawai bongarai la romani kurdida, zankoy garmian, koleji zman w zansta mrovayatiakan,
-kamal,muhamad,finominology,chapy yakam slemani.